# بانگەواز بۆ پەیوەندی و هاوكاری
# یەكەم چالاكی جەماوەری كوردان لە شاری بەغدا دوای ڕوخانی دكتاتۆر
# (چارەنوسی كەس و كارەكانمان دەوێت)

## بۆ سەرجەم قوربانیانی دكتاتۆری ڕژێمی بەعس لە بێسەرو شوێنانی (ئەنفال، بارزانی، فەیلییەكان، ڕاپەڕین، هێزە سیاسییەتێكۆشەرەكان).

سەرجەم هێزە سیاسی و كۆمەلایەتی و ڕۆشنبیرییەكان

خەڵكی ئازادیخوازی كوردستان

بانگەوازتان دەكەین بۆ هاوكاری و بەشداری لە خۆپیشان دانی كوردان لە شاری بەغدا لە ژێر دروشمی (چارەنوسی بێسەرو شوێنانمان دەوێت) و (حكومەتی ئایندەی عێراق جگە لە قەرەبوی زەرەرو زیانەكان دەبێت داوای لێبوردن لە گەلی كورد بكات بە شێوەی ڕەسمی لە بەرامبەر ئەو جینۆسایدەی كە دژی كراوە).

هەر پەیوەندییەك بە لیژنەی ئامادەكاری ڕێپێوان كە لە ناوەڕاستی هەفتەی داهاتوو ساز دەكرێت بەم ژمارە تەلەفۆنەوە پەیوەندی بكەن لە دەرەوەی كوردستان ٠٠٤٤٧٠٢٨٦٤١٥٧٢

لەناو كوردستانەوە ٠٦١٧٦٠١٥٧٢ لە ڕێگەی كەسایەتی ڕۆشنبیری ناسراوو كاك سەلاح مەزن. یان ٠٠٤٤٧٠٢٨٦٤٩٧٩٣ لە دەرەوەی كورستان لە ناو كوردستانەوە ٠٦١٧٦٠٩٧٩٣ كاك فەرحان هەیواز.

لە دەرەوەی كوردستان لە ڕێگەی ئادرەسەكانی –چاك – وەوە /http://www.chak.info

وە ئەگەر هەر بەڕێزێك هاوكاری مادی بەم كەمپینە دەكات كە بێشك هاوكاری هەر بەڕێزێك كەسوكاری زیاتری بێسەرو شوێنان دەگەیەنێتە شوێنی خۆپیشاندانەكە. تەواوی مەسروفاتی ئامادەبوان لە گەیاندنوو خواردن _چاك _ئامادەی دەكات. ئەم كەمپینە بە بەشداری هونەرمەندانی گەورەی تەشكیلی. چەند تیپی مۆسیقای ناسراوو. تیپی شانۆ. شاعیران و نوسەران و قوتابیانی هەردوو زانكۆو كەس و كاری قوربانیان بەڕێوە دەچێت. ئەگەر بەڕێزیشت دەتەوێت هاوكاری ئەم چالاكییە جەماوەرییە بكەیت. دەتوانیت بەم ڕێگایانە یارمەتییەكەت بنێریت كە پاشان لیستی ناوەكان لە گەڵ مەسروفاتی چالاكییەكە بلاو دەبێتەوە. هەموو لایەنێكیش دەتوانێت بێ مەرج هاوكاری ئەم چالاكییە بكات.

ST INTELL PROGRESSIEVE CENTER KOERDISTAN
Girorekening 9154657
PRUNUSLAAN 31
2612 VL DELFT
NEDERLAND

یان سانا تر ئەوەیە ڕاستەوخۆ بەم ئادرەسە بە پۆست بینێرن بۆ چاك

ALI MAHMUD MHAMAD
PRUNUSLAAN 31
2612 VL DELFT
NEDERLAND

هەر بەڕێزێكیش كۆمەكی نارد لە ڕێگەی ئادرەسی ئیمەیلی چاكەوە ئاگاداری سەنتەر بكاتەوە.

سەنتەری هەلەبجە دژ بە ئەنفال و جینۆساید كردنی كورد –چاك_ ٢-٥-٢٠٠٣ CHAK
http://www.chak.info